# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە رێی کرانەوە و پەیڕدنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەترناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ملمانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ملمانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێروانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێروانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەرو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە رێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەرو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە رێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمرۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : رێبوار رەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

.........................................................................................................

" 1 "

## گەنج و حیکایەتەکانی

**هێمن مەهدی نەقشبەندی***

لەم چەند ساڵەی دوایی(گەنج) خۆی وەك کێشەیەکی گەورە لەم وڵاتەدا نمایشکرد، لەوەشدا میدیاکان پشکی شێریان وەرگرت لە خستنەرووی کێشەکانیاندا، تا چەند توانیویانە کرۆکی کێشەکان بخەنەروو، ئەوە بەردەوام قسەوباسێك بوو، کە لە دانیشتنەکانی خۆماندا لە رۆژنامەی(جەماوەر) راوبۆچوونمان لەسەر دەدا و بە دووجار تەوەرێکمان رێکخست لەسەر (گەنج)، جارێك لەلایەن کاك(هیوا فریادرەس) کە چەند ئەڵقەیەك درێژەی کێشا و دواتریش لەلایەن کاك(رێبوار رەزا چوچانی)وە دەستی پێکردەوە بەو مەبەستەی هەموو روویەکی ئەو بوونەوەرە شیبکرێتەوە، کە زیاد لە هەموو پێکهاتەیەکی دیکەی کۆمەڵگە خۆی بە مافخوراو دەزانێت، سەرباری ئەو هەموو قسە و گفتوگۆیانەی لەسەری ئەنجامدراوە هێشتا هەستدەکرێت کە پێویستە قسەی زیاتری لەسەر بکرێت، بە تایبەتیش قسە لەسەر چۆنێتی هەنگاوە پراکتیکیەکان، چونکە لە رووی تیۆرییەوە زۆر گوترا، ئەوەشی تا ئێستا دەبینرێت لە رووە پراکتیکیەکەی چەند سەنتەر و رێکخراوێکە لێرە و لەوێ، لەگەڵ ئەوانەشدا دەنگی گەنجانە هەیە کە ئەم جۆرە چالاکییانەش بە رووی پراکتیکی ناو نابەن و زیاتر بە گەمەیەکی فریودەرانەی



دەچوێنن، کەواتە دووبارە ئەمە دەمانباتەوە بۆ ئەو پرسیارانە: چی بکرێت بۆ گەنج تا هەست بکات کارایە

لەنێو کۆمەڵگەکەیدا؟ ئایا هەر گەنج لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی هەیە و پێکهاتەکانی دیکە بێ کێشەن؟ زۆر و زۆر پرسیاری دیکە هەن کە دەشێت هەندێکیان لەو دوو تەوەرەیەی ڕۆژنامەی(جەماوەر) سازیدابوو وەڵام درابنەوە، و بەشێکی دیکەشی مابن.

هەرچۆنێك بێت زۆرێك پێیوایە گەنج بەهۆی بزۆزی خۆیەوە، وا هەستدەکات مافخوراوە، ئەگینا نەك گەنج، زۆرێکی دیکەش هەن، لە کۆمەڵگەدا پەراوێزن، یاخود مەسەلەکە قووڵ دەکرێتەوە لە بەراوردکاریدا لەنێوان گەنجی ئەمرۆ و دوێنێدا، هەرچەندە خاڵێکی هاوبەش لەنێوان زۆرینەی قسەو باسەکاندا دەسەڵاتە کە هۆکارەکان دەخرێتە ئەستۆی و سەرچاوەی نەهامەتی گەنج دەگێڕنەوە بۆ(دەسەڵات).

گەر وردتر بچینە نێو باسەکەوە، کۆمەڵێك ڕاستی هەن کە ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین، کە بە ڕای من سەرەکیترینیان(سیستم)ە، دواتریش لە ڕووبەڕێکی تەسکەوە بازماندایە نێو جیهانێکی هێندە فراوانەوە کە بەراستی تووشی شڵەژانی کردین، شڵەژانێك کە زۆرجار سۆزێك بمانگرێت بۆ گەڕانەوە، گەڕانەوە بۆ ڕووبەرە تەسکەکە، ڕاستییەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرەی پێیدەڵێن(گەنج) تەنیا جیهانێك دەناسێت کە لە پاش ڕاپەڕینەوە پێی ئاشنا بووە، ئەو جیهانەش بەهۆی ئاڵۆزی خۆیەوە وێنەیەکی پێبەخشیوە هەموو دوورەکانی لا جوانە، ئەوەی لێیەوە نزیکە دیمەنێکی ناشیرین و دێوەزمەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی (خوێندنەوە) نەبۆتە خولیایەك لای گەنجی ئەمرۆ، تا ئاستێکی هوشیاری وای هەبێت، کە بزانێت هەموو تەلارێکی گەورە لە یەکەم بەردی بناغەکەیەوە دەست پێدەکات، بۆیە دەبینین لەبری(خوێندنەوە) جێگرەوەی دیکە هەیە، کە کارەساتبارترینیان لەو هاتنە سەر شەقامە نیو کاتژمێرییەیدا خۆی دەنوێنێت کە دوای ئەو کاتە کورتە هەریەکە دەچێتەوە باری ئاسایی پێشووی خۆی کە لەمەدا کردارەکە یەکسان دەبێتەوە بە پیاسەی چەند گەنجێك بە هەمان شەقامدا بۆ بەڕێکردنی کات.

(سیستم) لە کۆمەڵگەدا

گەنج خەون بە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانەوە دەبینێ، بەڵام ئەمجۆرە کۆمەڵگەیەش لە بۆشاییەوە نەهاتووە، دەرەنجامی هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری نەوە یەك لە دوای یەکەکانە، کە تێیدا سەرەتایەك لە هەرەمەکیەت هەیە و دواتر وردە وردە بیرکردنەوە و پرۆگرام و پلان و کارلەسەرکردن دەستی پێکردووە تا گەیشتۆتە قۆناغێ کە سوودمەندی هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگە بگرێتەوە، ئەگەر زۆرینەشی نەبێت. واتە چوارچێوەیەك بونیاد دەنرێت کە هەموو تاکێك پەیڕەوی لێبکات و یەك بیدەنە دەست ئەوی دیکە، یاخود هەر بەخۆی کۆمەڵگەکە دامەزراوەکانی دەبنە سەرچاوەیەك بۆ بەرقەرارکردنی ئەو چوارچێوەیە و بەردەوامیش برەوی پێدەدرێت. ئەمجۆرە حاڵەتە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەیی نەبووە، و دەشێت بڵێین هێشتا لە دۆخە هەرەمەکییەکەدا دەسووڕێینەوە، ئەو دەنگانەش کە لێرە و لەوێ بەرز دەبنەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران بە کەرەستەیەکی لاوازەوە خۆیان دەخەنەروو، نموونەش زۆرن، بە تایبەتی بەشێك لەو سیمینار و کۆڕانەی کە ساز دراون بۆ گەنج، هەندێك چارەسەر خراونەتەروو، کە شوناسی کۆمەڵگەیەکی تەمەڵە نەك خۆشگوزەران، وەك ئەوەی دەگوترێت پێویستە هەموو گەنجێك مووچەی هەبێت لەلایەن دەسەڵاتەوە(!) یاخود دەبێت شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکرێت، ئەم داواکارییانە لاساییکردنەوەیەکی بێ پێشینەی ڕۆژئاوایە، واتە لەوێ هیچ گەنجێك مووچەی پێنادرێت گەر بێتوو ڕۆڵی خۆی نەبینێت، لەوێ تاك مەحکومە بە گوتە ناودارەکەی(جۆن

کێنیدی) سەرۆکی پێشووی ئەمریکا( پێش ئەوەی داوا بکەیت لە وڵاتەکەت چیت بۆ بکات، لە خۆت بپرسە من چیم پێدەکرێ بۆ وڵاتەکەم) بەراستیش ئەم ڕستەیە دەقاودەق لەوێ جێبەجێ دەکرێت، من پێم باشە زیاتر نموونەی زیندوو بهێنمەوە چونکە وەك سەرەتاش گوتم ئێمە کێشەمان لە قسە و تیۆردا نەماوە سەبارەت بە گەنج بەڵکو کێشەمان هەنگاوە پراکتیکەکانە:

* برادەرێکم لە ئەڵمانیا بۆی گێڕامەوە کە لەگەڵ چەند برادەرێکی خەڵکی ئەوێ چووبوونە بازاڕ، جگەرەی (مارلبۆرۆ) بکڕن، هەردوو جۆری مالبۆرۆی ئەڵمانی و ئەمریکی هەیە، ئەمریکیەکە هەرزانترە لە جۆرە ئەڵمانیەکە، ئەو دەیگوت من ئەمریکیەکەم دەکڕی، لەبەرئەوەی هەرزان بوو، بەڵام برادەرە ئەڵمانیەکانم دروستکراوی وڵاتی خۆیان دەکڕی کە گرانیش بوو، کاتێك لێمپرسین بۆچی هەرزانەکە ناکڕن؟ گوتویانە: ئاخر ئەو پارەیەی دەیدەینە ئەمریکیەکە دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتێکی دیکەوە، بەڵام ئەوەی خۆمان دەچێتە خەزێنەی دەوڵەتی خۆمانەوە. کاتێك قسە لەسەر سیستەم دەکەم، ئەوە سیستەمە کە گەنجێکی ئەڵمانی وا فێرکردووە گرنگ نەبێت بەلایەوە کە پارەیەکی زیاتر دەداتە کاڵایەك تەنیا لەبەرئەوەی کاڵای وڵاتی خۆیەتی.

* برادەرێکی دیکەم کە لە نەرویژە و لەوێ خێزانی پێکهێناوە، گێڕایەوە کە بەیانیەکیان دەستی منداڵەکەی گرتبوو، لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ قوتابخانە، گوتی: خەیاڵ گرتمی ئاگاداری گڵۆپی سەوز و سووری ترافیکەکە نەبووم، خەریك بوو، هەنگاو هەڵێنم، منداڵەکەم دەستی ڕاکێشامە دواوە و ئیشارەتی بۆ گڵۆپی ترافیکەکە کرد کە هێشتا کاتی پەڕینەوە نیە. سەرنج بدەرە ئەو سیستەمەی کە لەو کۆمەڵگەیەدا پەیڕەو دەکرێت و منداڵێك لە شەش ساڵانەوە رادێنێت لەسەر رێسا و یاسای هاتوچۆ کە نابێت ببەزێنرێت.

*ناسیارێکم لە سویدە، گێڕایەوە بەیانیەکیان جگەرەکە بە دەستمەوە بوو، تەواوم کرد و یەکسەر فڕێمدا بە خەیاڵی لای خۆمانەوە، کەچی پیرەژنێك لە دوامەوە بە سەری گۆچانەکەی ئاگاداری کردمەوە کە نابێت جگەرە فڕێبدەمە سەر شەقامەکە، وەستا بە دیارمەوە تا هەڵمگرتەوە و خستمە سەبەتە هەڵواسراوەکانی سەر شەقامەکەوە.

ئەم سێ نموونەیە دەلالەتی گەورەن، منداڵێك باوکی ئاگادار دەکاتەوە لە یاسایەکی هاتوچۆ، گەنجێك پارێزگاری لە ئابووری وڵاتەکەی خۆی دەکات، پیرەژنێك ژینگەی وڵاتەکەی خۆی بەلاوە گرنگە.

سێ نەوەی جیاواز لە تەمەن بە یەك سیستەم کار دەکەن و بیردەکەنەوە.

لای ئێمە منداڵ دەکەوێتە بەردەم کۆمەڵێك ئاراستەی جیاوازەوە، لە ماڵەوە شێوازێکە و لە دەرەوە و لە دامەزراوەکانیش شێوازێکی دیکەیە، ئەوەی لە قوتابخانە فێری دەبێت، لە کۆڵان لە بیری دەکات و لە ماڵەوەش چەواشە دەبێت، ئەمە سەرەڕای کۆمەڵێك زاراوە و چەمك کە بەردەوام لە ئامادەیی ئەودا دووبارە دەبنەوە، کە هەریەکە لەو ئاراستە جیاوازانە پێکەوە کاردەکەن لەسەر ئەقڵی منداڵێك، ئیدی چۆن کەسێکی هاوسەنگی لێدەربچێت؟ بێگومان دەرەنجامەکەی هەر ئەوە دەبێت: گەنجێکی پڕاوپڕ لە دڵەڕاوکێ یان گەنجێکی سەرکێش، کە کاتێ خۆی دەدۆزێتەوە بەشێکی زۆری تەمەنی بەسەرچووە.

کۆمەڵگەی خاوەن سیستەمێکی تۆکمە، دەستەوسان نییە لەبەردەم کێشەکاندا، بەڵکو بە خێرایی کۆبوونەوەی لەسەر دەکات و پسپۆڕی بواری خۆی دێنێت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا چارەسەر دەبینێتەوە، هەموو کەس ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ دەگەیەنێت، هەر تاکێك بەهای خۆی هەیە، تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا لە باس و

خواستی مرۆڤ تێپەڕیون و قسە لەسەر ماف ئاژەڵ و باڵندەش دەکرێت. واتە لەوێ خەم لە سبەینێ مەسەلەیەک نیە، مرۆڤ مێشکی بۆ بگوشێت، چونکە هەموو بەشدارن لە ژیان و گوزەرانی یەکتریدا، ئەوەی پێبیگوترێت(هاووڵاتی) کار دەکات و باج دەدات، کۆی ئەو باجانە دووبارە بەسەر کۆمەڵگەدا دابەشدەکرێتەوە، بەو مانایە نا کە سندوقێك دانرابێت، بەڵکو ئەو باجەی تاکێك دەیدات، پرۆژەیەکی پێ وەگەڕدەخرێت، بۆیە دەبینین وڵاتێك خاوەنی 80 ملیۆن کەسە، کەچی قەیرانی نیشتەجێبوونی تێدا نیە، وڵاتێکیش 5 ملیۆن کەسی تێدایە، 3 ملیۆنی بێ شوێنی نیشتەجێن!.

کۆمەڵگەیەك کە سەرجەم بوارەکانی سیستەماتیزەکراوە، گەنج تێیدا کێشەیەکی نیە، تەنانەت کار بکات یان نەیکات، رۆڵی هەبێت یان نەیبێت ئەوە دەکەوێتە سەر خواستی خۆی، بەڵام کۆمەڵگەی هەڕەمەکی نەك هەر گەنج بەڵکو منداڵ و پیر و ئافرەت و مێردمنداڵیش بێ کێشە نین، ئەو سیستماتیزەنەکراوییە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گەنجێك نیوەی تەمەنی خۆی لە نەهامەتیدا بەسەر دەبات و ناتوانێت شوێنێك بۆ حەوانەوەی دابین بکات، گرتنی ژیانی هاوسەرێتی لێدەبێتە مۆتەکە، گەنجی وڵاتی ئێمەدا تەمەنی دەگاتە 40 ساڵ و تەنیا شارەکەی خۆی و دوو شاری دیکەی وڵاتەکەی بینیوە، گەنجی ئێمە هێندە بۆتە قوربانی، مێشکی بەرگەی فێربوونی زمانێکی دیکەی نیە بێجگە لە زمانی دایك، واتە ئەوەی لێرە زۆر هەوڵ و ماندوبوونی بۆ دەکرێت، لە رۆژئاوا هەر لە منداڵییەوە دابین کراوە و بوارێکی زۆر و فراوان لەبەردەستیدایە کاری لەسەر بکات.

کاتێ قسە لەسەر سیسماتیزەکردنی کۆمەڵگە دەکەین، کە کۆمەڵگەی ئێمە لێی بێبەشە، کارێکی مەحاڵ نیە، دەکرێت هەنگاوی بۆ بنرێت، گەر سەرنجی رۆمانەکانی(چارلز دیکنز) بدرێت کە دیمەنی واقیعیانەی کۆمەڵگەی ئینگلیزییە، دەبینین(ئۆلیڤەر تویست) لە چ واقیعێکدا ژیان دەگوزەرێنێت،(داڤید کوپەر) نەهامەتی چی بەسەر دێنێت، ئەو سیستەمەی کە منداڵی بە فەلاقە و سزا پێگەیاندووە، ئێستا بۆتە حەرامکراوێك لە کۆمەڵگەکەیاندا کە تەنانەت لە فیلمەکانیشیاندا پەیرەوی دەکەن، بەوەی نابێت لە منداڵ بدرێت، گەر لێشی بدرێت، نابێت هیچ دایك و باوكێك رێگە بدات کە منداڵەکانی تەماشای ئەو جۆرە فیلمانە بکەن. واتە رەوشی ئەو کۆمەڵگە پێشکەوتوانەی ئێستا، لە چاوتروکاندنێکدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، دەستەبژێرێك خاڵێکیان ورووژاندووە و دوای ماوەیەك کۆدەنگییەکی لەسەر دروستبووە. لە سەرەتادا ئاماژەم بە خۆپیشاندانە یەك کاتژمێرییەکانی خۆمان کرد، لە فەرەنسا کە هاتنە سەر شەقامی قوتابی و خوێندکارەکانی زانکۆ دەستی پێکرد، لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، خرۆشانی دروشم کێشان نیو کاتژمێری نەخایاند، بەڵکو چەندین ساڵ بەردەوام بوو، تا سەرلەبەری پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەی فەرەنسی گرتەوە، ئەوان پەرۆش بوون کە گۆڕان بۆتە پێویستییەك و نابێت دەستبەرداری بن، دواتریش هەر خۆیان بوونە کەرەستەیەك کە یەکەم هەنگاوی گۆڕانکارییەکان بهاوێن، ئێستا لەو وڵاتە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەدەم داخوازییەکانی خەڵکەوە دەچن و لەگەڵ حکومەتدا تاوتوێ و گفتوگۆی لەسەر دەکەن.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، ژاپۆن وێرانکارییەکی زۆری بەخۆوە بینی، خۆڕسکانە گەنجانی ئەو وڵاتە، بۆ بوژاندنەوەی وڵاتەکەیان، چەندین تیمی گەڕۆکیان پێکهێنا و بە گوندەکاندا بڵاوبوونەوە، خۆبەخشانە کەوتنە کردنەوەی قوتابخانەی گەڕۆك بە مەبەستی نەهێشتنی نەخوێندەواری و ژاپۆنیان گەیاندە ئەو ئاستەی کە وێرانەیەکی جەنگ بگۆڕێت بۆ پێشکەوتووترین وڵاتی جیهان.

ئەڵمانیەکان لە پاش جەنگ، چاوەڕێی دەسەڵاتیان نەکرد، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە بخاتەگەڕەوە، لە هەڵمەتێکی سەرتاسەریدا، ژن و پیاو و گەنج و پیر، کەوتنە پاککردنەوە و لادانی خاشاکی جەنگ، شارێکی وەکو(بریمە) کە لەگەڵ خاکدا تەخت کرابوو، دانیشتوانەکەی هەستان بە پاککردنەوە و کردیانەوە بەو شارەی کە ئێستا بە هیچ کلۆجێك ئاسەواری جەنگی پێوە دیار نیە.
پوختەی ئەم نموونانە ئەوەیە کە سیستەم شێوازێك لە بیرکردنەوە بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات، کە سنووری بەرژەوەندییەکانی خۆی ببەزێنێت، ببیەستێتەوە بە تۆڕێکی فراوانترەوە کە هەندێجار سەرجەم مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەگینا ژمارەیەك ئەکتەر و گۆرانیبێژی ئەمریکی چی پاڵیان پێوە دەنێت، داهاتی ئاهەنگەکانیان یان فیلمەکانیان ببەخشنە قوربانیانی کارەساتی(سۆنامی) یان چی وا لە(کریس دی بێرگ) دەکات لە بەریتانیاوە گۆرانی بۆ کۆڕەوی کورد بڵێت، کە تا ئەو ساتەش شوناسی میللەتێکی نەبیستبوو بەناوی(کورد)ەوە. پرسیار ئەوەیە ئەم سیستەمە لە کۆمەڵگەدا چۆن دروست دەبێت؟
تاکەکان بە پلەی یەکەم خۆیان ریزبەندی بۆ دەکەن، کە باشترین شێواز و مامەڵە لە ژیانی رۆژانەیاندا پەیرەو بکەن، لەگەڵ دووبارە بوونەوەیدا ئیدی دەبێتە کەلتوورێك و نەوە لەدوای نەوە رادەستی یەکدی دەکەن، هەرگیز ناتوانی قەناعەت بە گەنجێکی سویدی بهێنیت کە جگەرەکەی بێپەروایانە فڕێ بداتە سەر شەقامەکە، وەك چۆن لێرە ناتوانیت قەناعەت بە گەنجەکەی خۆمان بهێنین کە جگەرە فڕێ نەداتە سەر شەقامەکان. واتە ئەو سیستەمەی ئێمە لەسەری راهاتووین بە بارە نێگەتیڤەکەیدا هاتووە و کارکردنی زۆری دەوێت بۆ راستکردنەوەی، لە منداڵیەوە بەو شێوەیە دێت کە گەورەش دەبێت و دەچێتە پایەیەکی ئیداری یان حزبیەوە، هەر دوبارەکردنەوەی هەمان رەوشە رەنگە بە شێوەیەکی چوارچێوە بۆ درایژراوتر بێت. کەواتە بۆچی لە نێو ئێمەدا سیستەم نەیتوانیوە بە بارە پۆزەتیڤەکەی خۆیدا بڕوات؟
لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا سیستەم هەبووە و هەیە بەڵام نەك بەو بارەی کە سوودبەخش بێت، لە کۆمەڵگەی گوندەکاندا جۆرێك لە سیستەم هەیە، بەوەی کە بەرژەوەندییەك کۆیان دەکاتەوە و خەمخۆری و پەرۆشییان بۆ یەکدی هەیە، کێڵانی زەوی، ئاو راکێشان، بە کۆ چوونە سەر کار، زۆرجار(من بۆ خۆم ئەو حاڵەتەم دیوە) بە کۆمەڵ دەچنە سەر زەوی یەکێکیان و هەموو پێکەوە کاری تێدا دەکەن، بە مەبەستی زوو تەواوکردنی، یان رێککەوتنێك دەکرێت کە هەموان بەرهەمەکانیان تێکەڵ بکەن و دواتر داهاتەکەی دابەش بکرێتەوە بەسەر هەمواندا. پێکهاتەیەکی بەرهەمهێن لەمجۆرە سیستەمەوە دروست دەبێ، کە پشت بەخۆبەستن دەبێتە کەلتوورێك ووەك بۆ ماوەیی دەگوازرێتەوە. ئەم پێکهاتەیە کە لە کۆمەڵگەی خۆی دەریدێنی و بەرەو کۆمەڵگەیەکی فراوانتری دەبەیت( وەك ئەوەی حکومەتی ڕووخاوی بەعس هەستا بە راگواستنەوەی گوندەکان بۆ شارەکان) کەرەستەی بەرهەمهێنانی خۆی لەدەست دەچێت، بە واتایەکی دیکە رەوتی ژیان لە ژێر جڵەوی خۆیدا نامێنێت. ناچاری گوزەرانی بەرێوە دەبات بەرەو ئەو ئاراستانەی کە رەنگە خۆی ئارەزووی لێنەکات. دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەر پێشهات و ڕووداوێك کە لە دەوروبەرەکەیدا ڕوودەدات، بۆیە دەبینین نەهامەتیەکانی پێکهاتە مرۆییەکانی شار لەوەی گوند زیاترن، ئەوەندەی گەنجی شار داد و بێدادی دەکات، ئەوەندە گەنجی کۆمەڵگەی گوند ئەو کێشانەی نییە، مامەڵەی لەگەڵ فەزایەکی فراوانتردا نییە، تەنانەت ئەو گەنجانەی کۆمەڵگەی گوند کە ئاستی زانستییان بەرەو پێشەوە دەچێت، زانستیش بەو مەزرایە دەچوێنن کە

کاریان تێداکردووه و دەبێت خۆیان لەگەڵداماندوو بکەن تا بەرهەمەکەی بدوورنەوە یان بیر لە ڕێگە و شێوازی دیکە دەکەنەوە بۆ پێشخستنی.

ئەو رۆحیەت و خرۆشانەی کە تێیدایە هەمان ئەو رۆحیەتەیە کە مرۆڤەکانی رۆژئاوا هەیانە بەرامبەر بە کارکردن. بۆیە نیمچە سیستەمێك هەبوو لە ولاتی ئێمەدا کە حکومەتی بەعس وێرانی کرد، هەمووی خستنە نێو چوارچێوەیەکەوە بە مەرامێکی سیاسی، کە چەند زیانی سیاسی بۆ ئێمە هەبوو، دە ئەوەندەش کاریگەری کۆمەلایەتی و ئابووری بە دوای خۆیدا هێنا، کە هەتا ئێستاش ئاسەوارەکانی ماون: هەڵاوسانی دانیشتوانی شارەکان، کە قەیرانی نیشتەجێبوونی لێکەوتۆتەوە و یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی گەنجانی ولاتی ئێمە، بێکارێکی زۆری خستەوە، قەوارەی بەرهەمهێنانی کالا و پێداویستییەکان کە پێشتر لە گوندەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئێستا ئەوانە هیچیان نەماون و هەموو کالا و پێداویستییەك لە دەرەوەی سنوورەوە دێت، کە بژێوی گرانتر کردووە و هاوسەنگی ئابووری لە ولاتدا شێواندووە، بە شێوەیەك کە کۆمەڵگەیەك زیاد لە نیوەی مووچەخۆرە و مووچەکەش لە ئاستی نرخەکانی بازاڕدا نییە. بۆیە ئەو کێشانە نەك تەنیا گەنج بەڵکو رووبەڕووی هەموو توێژێك بۆتەوە، بەلام گەنج بزۆزترە لە توێژەکانی دیکە و زووتر کاردانەوە نیشان دەدات و داوای چارەسەرێکی بەپەلە دەکات کە لە راستیدا پلانێکی لەسەرخۆ و تۆکمەی دەوێت لەگەڵ کار و ماندووبوون و پێداچوونەوەی هەموو لایەك و بە تایبەتیش گەنج. چونکە لەنێو شارەکانی ئێمەدا بە سەدان سەنتەر و رێکخراو هەن، چەندین رێگەی پراکتیکی هەیەبیگرنەبەر، بە تەنیا کۆڕ و سیمینارگرتن چارەسەر نییە بە تایبەتیش گەر ناوەڕۆکیان هەر خستنەرووی کێشە و گرفتەکان بێت.

لە قەفەسەوە بۆ جیهانێکی فراوان

رۆژئاوا دوو جەنگی جیهانی وێرانکەری بەخۆوە بینی، کە بووە ئەزموونێکی گەورە بۆیان، بۆ مرۆڤبونی خۆیان بگەڕێنەوە و شەڕە چاوەڕوانکراوەکانی ئایندەشیان فڕێبدەنە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیانەوە، لەدوای ئەو دوو جەنگە زۆربەی ولاتان دروشمێکیان پیادە دەکرد کە (ولاتی خۆیان بۆ هاوولاتی خۆیان بە پلەی یەکەم)بێت، پاش شەن و کەوێکی زۆر کەسی بیانی ، ئیمتیازاتی(هاوولاتیبوون) وەربگرێت. هەیە لە دەستوور و یاساکانی خۆیدا ئەو مافە بە کەسی بیانی رەوا نابینێت. ئەمە سەرجەم بوارەکانی دیکەی گرتۆتەوە، ئەو کالایانەی کە دروستی دەکات، باشترینیان بۆ هاوولاتی خۆیەتی نەك بۆ دەرەوە. بە پاشخانێکی پتەوە کەوتنە خوێندنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤی خۆیان، تا بەو ئاستەی ئێستا گەیشتن کە بۆ رۆژهەلات بۆتە ئارامگە و بەهەشتی سەر زەوی.

ئەم رەوشە لە رۆژهەلات و بە تایبەتیش لە ولاتی ئێمە بە تەواوی پێچەوانە بوو، زیندانێکی گەورە بوو بۆ مرۆڤەکانی، نەوەیەك هەیە لەم ولاتەدا کە تەمەنێکی زۆری بەسەربردووە لەنێو جلکی پێشمەرگایەتی یان جلکی سەربازی یان (فیراری) و خۆشاردنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەشێکی زۆری گەنجەکان بەهۆی گومانلێکردنیان لە لایەنگیری سیاسییان دەگیران و رەوانەی مەرگ دەکران، ولاتێکی پڕ لە کارەسات و بارگرژی، کە فەزای بیرکردنەوەی تاکەکانی لە دۆخێکی پەرش و بلاویدا بوو، تەنیا بەو دنیایە ئاشنا بوون، کە لەبەردەستدابوو، ئارەزوویەکی گەنجانی ناوەراستی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان ڕیش هێلانەوە بوو کە کەلتوورێك بوو لە گۆرانیبێژە ئێرانیەکانەوە گواسترابۆوە بۆمان، زۆر گەنجی لەسەر رووشکێن دەکرا، یان زیندانی دەکرا، لیستی

قەدەغەکراوەکان هێندە زۆربوو، لە ژمارە نەدەهات، لەسەر گۆڕینی کاتی هاوینە و زستانەی کاتژمێر، حکومەتی بەعس، کۆمەڵێك یاساوڵی بە شارەکاندا بڵاودەکردەوە، چەندین گەنج و خەڵك لەسەر ئەو نەگۆڕینە زیندانی کراون، لەم قەفەسە گەورەیەدا جێی سەسوڕمان نیە، کە گەنجانی ئەو سەردەمە، بە تەوسەوە نیشتبوونە سەر فەلسەفەی(بێپەروایی)و(وجودیەت) و کنێبەکانی سارتەر و ئەلبێر کامۆ بەرنەدەکەوتن، زۆر گەنج هەبوو خەونی بە سەرکێشیەکانی (زۆربا)ی کازانتزاکییەوە دەبینی، تەنیا دەرفەتێك بۆ خۆخاڵیکردنەوە خوێندنەوە بوو، دنیای ئەو کاتە کە لە بەردەستدا بوو، تەنیا وشە و ڕستەکانی نێو کتێبەکان بوو، بەدەر لەوە هەڵاتن بوو بەرەو سنوورەکان و ئەو شوێنانەی کە حکومەت بە قەدەغەکراوی دادەنان.

جیهان لە گەیشتنی بە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، نەك هەر گۆڕا، بەڵکو بازدانێك بوو لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە.

دیواری بەرلین ڕووخا، هاووڵاتیانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات رژانە نێو شارەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوا، تووشی سەرسوڕمان و سەراسیمەیی بوون، بەو دنیایەی کە چ گۆڕانێکی بەخۆوە دیوە، بەو بازاڕەی کە کاپیتالیزم ئامادەی کردووە، سەمای شادی و جۆش و خرۆشەکە تا ماوەیەك بڕی کرد، دواتر وەهۆش خۆ هاتنەوە کە تەمەنیان لەگەڵ سەردەمێکی پێشوو بەسەربردووە و ئێستا ئەوان بەو سەردەمە نامۆن، بۆیە تا ئێستاش زۆرینەیەك لە هاووڵاتیانی ئەڵمانیای رۆژهەڵات سۆزێکیان بۆ رابردوو هەیە.

لە نەوەدەکانەوە ئەو قەفەسە گەورەیە شکا، دەرەوەمان بینی، ئەو کات زانیمان کە جیهان تەنیا ئەو رووبەرە داخراوەی عێراق نیە و زۆر و زۆر شتی دیکە هەن کە دەبێ پێیان ئاشنا بین. هەندێك بە وواقیعی ڕێی سەفەری گرتەبەر و خۆی گەیاندە دنیای رۆژئاوا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تەمەنەی کە لە قەفەسێکی گەورەدا بەسەری بردووە، هەندێکی دیکەش کە توانایان نەبوو، مانەوە بەو ئومێدەی کە سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکەنەوە. لە نەوەدەکانەوە نەوەیەك پەیدابوو کە ئێستا گەنجن و یەکسەر پێیان نایە ئەو دنیا نوێیەوە، ئەوانە رۆژانە لە ڕێی تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی گەیاندنەوە ئاشنا دەبن بە جیهانی نوێ و ڕووخسارەکانی دەبینن، لە زەینی خۆشیاندا بەراوردکاری دروست دەبێت، لەگەڵ کۆمەڵێك پرسیاری لەبارەی ئێرە و ئەوێ. بۆیە ئەوەی توانای دارایی بەهێز بێت، خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ و لە ئێرە خۆی دەرباز دەکات، چونکە ماوەیەکی زەمەنی زۆری دەوێت کە ئێرە و ئەوێ وەك یەکیان لێبێت و ئەویش نایەوێت سەرەتاکەی بە چاوەروانی بکاتەوە. یان هاوار دەکات لەدەست ئەو وەستاوییەی کە دۆخەکەی تێکەتووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رۆژانە کۆمەڵێك ناعەدالەتی و گەندەڵی دەبینرێت و دەنووسرێت یان دەبیسترێت کە هەریەکە لەمانە زیاتر(ئێرە) قێزەون و(ئەوێ) خۆشەویست دەکات، بە تایبەتیش کە هەنگاو نەنرێن بۆ چارەسەرکردنیان. بۆیە لە بارێکی وادا سەختە قسە لەسەر (ئینتیما)ی گەنجان بکرێت کە زۆرجار ئەوە دووپات دەکرێتەوە و تۆمەتباریان دەکەن بە بێ ئینتیمایی، چونکە ئەو چەمکەش تایبەتمەندی و زەمینەسازیی خۆی هەیە، ئەو چ ئەرکێك بەجێدەگەیەنێت دەبێت لە بەرامبەردا مافەکانی دابین بکرێت، ئەم هاوکێشەیە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کاری لەسەر کراوە و بۆتە بەڵگەنەویستێك، بەڵام لای ئێمە گرنگ ئەوەیە کە هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم هاوکێشەیە چۆن دەست پێدەکات، ئەوەش بە سەرپێی و رووکەشانە ناکرێت، بەڵکو پلانێکی درێژخایەنی دەوێت، کە دەشێت ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانەی لاوان و گەنجان بە شێوەیەکی کارا بەشداری بکەن لە هەنگاوی پراکتیکیدا، وەك لە

برگەیەکدا ئاماژەم پێدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە فەرەنسا گەیەنەری داواکارییەکانی خەڵکن بە یەکە ئیدارییەکانی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنیان. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەتوانن زۆر هەنگاو بنێن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ئەمرۆ زلهێزێکی جیهانییە لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کردیانە دەوڵەت، واتە سەرەتا لەوێ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبوو، دواتر دەوڵەت دروستبوو. ئەو ئەزموونانەی کە لەوێ هەیە دەکرێت بە وردی تۆژینەوەیان لەسەر بکرێت و لێرە زەمینەسازییان بۆ واقیعبوون فەراهەم ببێت.

بەڵام کێشەی سەرەکی لە وڵاتی ئێمەدا، نەبوونی پشوودرێژییە، چونکە سەرەتاکانی ئەوێش بەو شێوەیەی ئێستایان نەبووە.

لێرەدا ململانێییەك هەیە لە نێوان ئەوانەی دۆخی پێش نەوەدەکانیان تێپەڕاندووە لەگەڵ ئەوانەی لەدوای نەوەدەکانەوە چاویان کردۆتەوە، بازدان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، بەردەوام شڵەژان دروست دەکات، ئەوانەی کە کەوتنی(سەدام)یان بینی، دوو جۆر کاریگەری تێدا بەجێهێشتن:

یەکەم-بەشێکیان ئەو ڕووداوەیان بە لەدایکبوونێکی دیکە بۆ خۆیان لەقەڵەم دا.

دووەم- بەشێکی دیکەش تا ڕادەیەك نیگەران بوو، نەك لەبەر کەوتنی ڕژێمێك کە نموونەیی دڕندەیی بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خۆشترین ماوەی تەمەنیان لە خۆشاردنەوە و هەڵاتندا بەسەر برد کە بە ڕاستی چێژیان لەو ماوەیەی تەمەنیان نەبرد و ئێستا لە چلەکانی تەمەنیاندان.

چوونی (سەدام) لای نەوەی پاش نەوەدەکان، ڕەنگە کاریگەرییەکی وای جێنەهێشتبێت، چونکە دیمەنەکانی ئەو دەورانەیان نەبینی و بە واقیع تێیدا نەژیان. لەبەرئەوە جیاوازییەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە نەوەی پێش نەوەدەکان زیاتر بڕوایان وایە کە پرۆسەی بونیاتنانەوە دەبێت لە ڕەگوڕیشەوە ساز بدرێت، نەك سەرپێیانە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دیکتاتۆرێکی دیکە لەدایك بێت و ژیانی چەند نەوەیەکی پاشتر بشێوێنێت، ئەم تێروانینە لای نەوەی پاش نەوەدەکان تا ڕادەیەکی زۆر گەڵاڵە نەبووە، بەڵکو داوای گۆڕانکارییەکی خێرا و بەپەلە دەکەن، لە کاتێکدا دەبینن جیهان لە گۆڕانکارییەکی یەکجار خێرادایە و پێرانەگەن بەوەی ساتەکانی تەمەنیان بەپێی پلان و نەخشە بەڕێبکەن، چاوەڕێ ناکەن و ئامادەن بچنە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگە و ئەوێ بکەنە کۆمەڵگەی خۆیان، کە هەموو کەرت و ناوەندێکی ساز و ئامادەیە، بە پێچەوانەی ئێرە کە هێشتا لە هەنگاوی یەکەمدایە و زۆر کەسیش بە (کاتیی) دادەنێت و وەك پارچە کێکێك تەماشای دەکات کە پێویستە بە زووترین پشکێك بۆ خۆی بەرێت. نەوەی پاش نەوەدەکان دیمەنی پاشخانی کۆمەڵگەکەی خۆی لەلا تۆمار نەکراوە، بۆیە ئەو ڕابردووی ئەو ساتەوەختەی ئێستایە کە شتەکانی دەوروبەری تێدا دەبینێت و لە نێویشیدا دیمەنەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، بەڵام نەوەی پێش نەوەدەکان دیمەنەکانی لایە کە لە کاتی هەندێ ڕووداودا وەك دەستنەکەوتنی نەوت و کەمی کارەبا، سۆزێك دەیگرێتەوە بۆ ڕابردوو بە هەموو ستەم و زۆردارییە سیاسییەکەیەوە، بیری دەکاتەوە.

ئەم بارە لەگەڵ کۆمەڵێ ڕووداوی دیکەدا بەردەوام کار دەکەن لەسەر ئەوەی کە ئەم قەفەسە بەمزوانە ناتوانێت ببێتە بەشێك لەو جیهانە فراوانەی نەوەی پێش نەوەدەکان خەونیان پێوە دەدیت و نەوەی پاش نەوەدەکانیش بەلایەوە سەیر و سەمەرەیە کە بۆچی لەسەرخۆ هەنگاو دەنێت، بەڵام هەریەکە لەو دوو نەوەیە دەتوانن خاڵە

هاوبەشەکانی یەکتری کۆبکەنەوە و هاودەنگییەك دروست بکەن، نەك یەکتر ڕەتبکەنەوە، وەك ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی خۆماندا هەیە، کە لە هەندێ مێزگرد و سیمینار و کۆڕدا ڕەتکردنەوە گەیشتۆتە ترۆپك، و بەردەوامیش ئاماژە بە نموونەی ڕۆژئاوا دەکرێت، لە کاتێکدا ئەوەی لە ڕۆژئاوا ئامێرە سیما گەنجەکانی وەك(مۆبایل و دی ڤی دی و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت)کە ئێستا زۆر بەربڵاون، دروستکراوی ئەقڵی پیرەکانن وەك دیارییەك بۆ گەنجەکان. بۆیە لەوێ کە لە دادگەدا پیرێك شاهێدی بدات لەسەر ڕاست و دروستی ڕووداوێك، ئیدی ئەو شاهێدییە بە هەند وەردەگیرێت، لە کاتێکدا لای ئێمە پیر و وڕێنە بە دوو دەستەواژەی یەك مانا دانراون. بەڵام هەر ئەو پیرە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم گەنجە خوێنگەرمەی ئێستە نەبوو؟! با ئێستا لە سەرەتاوە دەست پێبکات، گەر جگەرەکەی فڕێدایە شەقامەکە، گەنجێك لەدوایەوە هەڵیبگرێت و فڕێی بداتە سەبەتەی پاشماوەکانەوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت گەر منداڵێك چاوی لێبوو، لاسایی بکاتەوە و منداڵێکی دیکە لێیەوە فێر ببێت، کۆمەڵگەش لەو شتە بچووکانەوە هەنگاوی پراکتیکی دەنێت، بە کەم لێی مەڕوانن.

*سەرنوسەری پێشوی ڕۆژنامەی جەماوەر